مالیکی و عامری و فەیاز جەختدەکەنەوە لە پشتیوانی هەنگاوەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی سەروەری

سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی نەبنی هادی عامری، و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی فالح فەیاز، ئەمڕۆ پێنجشەممە، تەئکیدیان لە پشتیوانی حکومەت کردەوە بۆ هەنگاوەکانی لە دەسیەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان و بەهێزکردنی سەروەری نیشتمانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریدا کە مالیکی و عامری لە نوسینگەی فەیاز کۆکردەوە، پرسەکانی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی و پشتیوانیکردنی ڕێڕەوی پرسەی سیاسی بەجۆرێك کە خزمەت بەوڵات و بەرژەوەندییەکانی بکات تاوتوێکران.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە کۆبوونەوەکەدا جەختکرایەوە لە پاڵپشتی هەنگاوەکانی حکومەت لە دەسیەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان و بەهێزکردنی سەروەری نیشتمانی.